Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF
Complete

# (ئەلبومی پەلکە زێرینە )



ساریژ زیاد

عەشق پیتی (ت)بوو لە تریفە
جوانی پیتی (س) بوو لە سەما
سەرسامی پیتی (ر)بوو لە رووبار
ئێمەش پیتی (ش) بووین لە شەو
شەو دلی ئاسمانە
خۆزگە
مالێك بام لە ئاسمانی جوانی
شۆستەیەك بام لە شەقامی وەفا
دلۆپێك ئاو بام لە ئەوین
شەپۆلێك بام لە دەریا سۆز
تا وێنەی عەشقم گرتبا
لەئەلبوومی پەلكە زێرینە هەلم گرتبا
لەدەفتەری شەیدابوونا دامنابا
لەنێو ئەگریجەی ئەسمەری
مانگ دەركەوتباو
لەگەل تریفە بەنازەكانی شەو و
سیم و مەرجانی بریسكەداری تریفە
بۆ تۆهـاتبـــــــــــا